www.kungfutoa.ch/ayub.rahmani



ئەیوب ڕەحمانی

rahmayub@yahoo.de

# بەنگەواز بۆ دامەزراندنی "ئەقڵ" بۆ سەربەخۆیی ک و ر د س ت ا ن!

## ئەنجومەنی هەڵوەشاندنەوەی قەراری لۆزان "ئەقڵ" بۆ سەربەخۆیی ک و ر د س ت ا ن!

### پێشەکی

من نوسەری ئەم بانگەوازە ئەمڕۆ ئەم شانازیەم هەیە کە ئەم بانگەوازە ڕادەگەێنم، چونکە پێم وایە کە کاتی ڕاگەیاندنی هاتوە. کاتێک کە هزرێک یا بیرۆکەێک دروست دەبێت، ئەوە لە دایک بونێکە و کاتێک هزرەکە ڕادەگەێندرێت، ئەوە یەکەم هەنگاویەتی بۆ پێ گرتن! هەر بۆیە هزری ئەقڵ لە دایک بوە و ئەم بانگەوازەش یەکەم هەنگاویەتی بۆ پێ گرتن و دەبێت یەکێک یەکەمین هەنگاوی بۆ هەڵێنێت و مرۆڤیش کاتێک کە منداڵە هەر بە هەڵێنانی یەکەمین هەنگاو وردە وردە پێ دەگرێت. هەر بۆیەش هەمو کارێکی گەورە لە یەک فیکر و یەک هەنگاوەوە سەرهەڵدەدات و دەست پێ دەکات، بە شەرتێک کە ئەو هەنگاوە بنرێت و عەمەلی بکرێت، ئەگینا ئەم بانگەوازە هیچ مەشروعیەتێک بە من نادات کە خاوەنی ئەم بزوتنەوە بم، بەڵکو هەمومان خاوەنی ئەم هزر و بزوتنەوەین و بۆ پێ گرتن و بە سەرکەوتن گەیاندنی هەمومان وەزیفەمانە کە حەول و تەلاشی بۆ بکەین. هەروەک وتم هەمو دەستپێکردنێک لە هەنگاوی یەکەمەوە دەست پێ دەکات و هەمو دەستپێکردنێکیش قورس و سەخت و زەحمەت و تاقەتپڕوکێنە، هەر بۆیە دەبێت و لازمە کە تاک تاکی ئێمە شان بخەینە ژێر ئەم ئەرکە مێژوویە و بە هەمومان بە سەرکەوتنی بگەێنین. ئەمە بەڵێنێکی ئەخلاقی دەخوازێت و کار بۆکردن!

دیارە ئەمەی لە خوارەوە نوسراەو نە تەواوە، نە کامیلە و نە بێ هەڵە و کەم کوڕیە، بەڵکو هەر وەک وتم من بەم شێوە ڕایدەگەێنم و بە هیوای لافاوی بەرینی هاوپشتی نەتەوایەتیم کە هەر کەسە و شان بخاتە ژێر گۆشەێکی بچکۆلەی ئەم ڕێبازەی کە ڕاستە و مەحکومە بە سەرکەوتن. هەر بۆیە لە هەمو شارەزایانی ئەم بوارانە داوا دەکەم کە هەمو پێکەوە حەول بدەین لاپەڕەکانی ئەم نوسراوە سەرەتاییە بگەێنینە دەیان و سەدان لاپەڕەی جوان و پاک و بێگەرد و بە هەمو زمان و زاراوە مومکینەکان بڵاویان بکەینەوە و لە پێش هەمو کەسدا بە زمانێکی زۆر خۆش و ڕەوان بیگەێنینە دەست نەتەوە یەکگرتوەکان و پارلمانی ئوروپا و مافی مرۆڤ و هیتر و پێیان بڵێین ئێمە ئەمساڵ لە 24.07.2007 توانیمان بەس چل کەس لە ژنێڤ کۆوەبین، بەڵام ساڵی داهاتو لە 24.07.2008دا بە دەیان هەزار کەس دەڕژێینە بەر دەرگای نەتەوە یەکگرتوەکان وتۆڵەی هەمو 85 ساڵەکەی ڕابردوش دەکەینەوە. هەر لەو بەردەرگایەش گەورەترین کۆنسێرتی کوردی بە بەشداری گەورەترین هونەرمەندە کوردەکان دەگرین و دەنگی کورد لە ڕێگای نەتەوە یەکگرتوەکانەوە و لە شاشەی تلویزیۆنەکانی خەڵکی جیهانەوە بە هەمو جیهان ڕادەگەێنین!

---

هەمو کەس بۆی هەیە لەم بابەتە کەڵک وەربگرێت، بە شەرتی ناو بردنی سەرچاوە!

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

## خەڵکی بە ئەمەگ و شۆڕشگێری ک و ر د س ت ا ن ی پارچە پارچە کراوم!

ئەمڕۆکە مژدەی لە دایک بونی جولآنەوەیکی نوێی نەتەوایەتیتان لە کاتێکدا پی ڕادەگەێنم کە ئەم بیرۆکە نوێیە لە دەرەوەی ولآت و لە غەریبایەتیدا لە دایک دەبێت بۆ گەڕاندنەوەی ڕۆڵەکانی کیانی ک و ر د بۆ ناو نیشتمانێکی ئازاد و سەربەست و سەربەخۆ و یەکپارچەی کوردی!
ئەمڕۆکە بەداخەوە ڕیبەرانی حیزبە کوردستانیەکان ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر و توندتر دیان بە ئیرانی و عێراقی و تورکی و سوری بونی خۆیاندا دەنێن و لە هەمو گوتار و ڕۆژنامە و وتوویژێکی تلویزیۆنی و ڕادیوییدا سوێند بە چوار چێوەی ولآتی داگیرکەر دەخۆن و بە کەڕرات دوپاتی دەکەنەوە کە ئەوان بە تەمای جیا بونەوە نین!!
ئاکامی ئەو جۆرە گفتوگۆیانە و بلآو کردنەوەی ئەم جۆرە بیر و بروا کوردنەویستیانە تا بە ئەمڕۆش هەر ئەوە بوە کە گەلی لێک هەڵوەشێنراوی ک و ر د نزیکەی یەک سەدە دەخایێنێت کە نەی توانیوە خەباتە ڕەواکانی خۆی بە سەرکەوتن بگەیێنیت و لە گەڵ ئەوەشدا کە هەزاران ڕێگای خەباتی پڕ لە سەغڵەتی تاقی کردۆتەوە بەڵام لەم ڕێگایانەدا تەنیا توانیویەتی ناوی ک و ر د بە هەڵوەشاوی بهێڵێتەوە، بەڵام هەرگیز تا بە ئەمڕۆکەش نەی توانیوە ک و ر د بکاتەوە بە کورد، بەڵکو هەروەک خۆی هێشتویانەتەوە و ڕایان گرتوە و هەر وەک لە کردار و لە قسەکانیشیاندا دەردەکەویت بە تەماشن هەر وا ڕایبگرێت!

کاتێک بۆ کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی پەیمانی سێڤێر ڕاگەێندرا کە لەو پەیمانەدا قەرار بو کە کورد وەک یەک ولآتی سەربەخۆ بمێنێتەوە، بەڵام مستەفا کەماڵ پاشای فاشیست لە تورکیە بە پەیمانی سێڤێر ڕازی نەبو و 3 ساڵ شەڕی درێژە پێدا تا ئەوەی کە سەرکەوتوانە پەیمانی سێڤێری هەڵوەشاندەوە و کاتی هاتنە گۆڕێی نوسینی قەراردادی لۆزان، ئەوان هەمو هێز و توانا و تێکۆشانیان خستبوە گەڕ بۆ ئەوەی کە دەستیان لە نوسین و جێبەجێ کردنی پەیمانی لۆزاندا ببێت، هەر بۆیە تەنیا و تەنیا تورکەکان لە پەیمانی لۆزاندا سەرکەوتوانە هاتنەدەرەوە. تورک نە تەنیا کوردستان، بەڵکو ئیزمیر و قیبرێس و بەشی ئوروپایی ئستانبول و دەریای ئێژە و مەرمەڕە و چەند جەزیرەی یونانی و هێندێک شوێنی دیکەشیان بە ئاو و خاک و ئاسمانی تورکیە زیاد کرد.
<u>عەقلیەتی کورد کە تا بە ئەمڕۆش هەرگیز باوەڕی بە قەرارداد و پەیمان و ئەم جۆرە شتانە نەبوە و نیەتی،</u> لە گەڵ ئەوەشدا کە شەڕیان لە دژی داگیرکەرانی کوردستان دەکرد، بەڵام نە ئەوکات و نە ئێستاش هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم بیر و باوەڕە نەکەوتونەتە ناو مێشکیانەوە کە مادام کورد بە پێی یەک پەیمانی لۆزان دابەش کراوە، تا ئەو پەیمانە هەبیت، ئەم هەردابەش کراو دەمینیت. هەر بۆیە شۆڕشە خوێناویە ڕەواکانی گەلی کوردستان لە هەر پێنج پارچەکەی نەیتوانیوە پشتیوانێکی ئەوتۆ لە جیهانی دەرەوە بۆ کورد پەیدا بکات، بەڵکو هەمیشە کوردیان بە ڕێبێل و یاخی ناو لێ بردوە. بۆ چی؟ بۆ ئەوەی کە دابەشکرانی کوردستان بە پێی قەراردادی لۆزان کراوە و تا ئەم قەرارادادە مابێت، شۆڕشی کورد هەر بە کێشەی ناوخۆیی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دەزانرێت و کوردیش بە یاخی ناو لی دەبەن و پشتیوانیشی لی ناکەن، <u>بۆ ئەوەی کە هیچ ولآتێک حازر نیە کاری غەیرە قانونی بکاتن</u> و مادام کورد قانون و یاسای نێودەوڵەتی نازانێت، سەد ساڵی

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

تریش هاوار بکات، جینۆساید بکرێت، ئەنفال بکرێت، ئاپارتایدی زمانی و کولتوری و ڕەگەزی و نەتەوەیی بکرێت، تەنیا و تەنیا فرمێسکێکی بۆ دەرێژن و بە مەزلوم و زوڵم لێکراو ناوی لێدەبەن و هیچیتر، هەر وەک تا بە ئەمڕۆکەش هەر وایان بۆ کردوە.

هەروەک پێشتر لە زنجیرە نوسراوەیکدا بە ناوی "ئاپارتایدی نەتەوایەتی تا کەی؟" باسم کردوە و لە مانگی پوشپەڕی ئەمسالدا بڵاوم کردوتەوە، چیرۆکی گەلی کوردستان بە وێنەی ئەو چیرۆکەیە کە لەوێ لەو نوسراوەدا باسم کردوە و لێرەش بۆ خوێندنەوەی دوبارە بە ئاڵ و گۆڕێکەوە دەیخەمەوە بەر دەستتان بۆ پەیدا کردنی تەسویر یا وێنەیکی سادە لە کێشەی کورد، ئێمە دەبێت ئەمڕۆ بەم شێوە چاو لە قەزیەی کورد بکەین:

شارێک هەیە بە ناوی کورەی عەرز کە بە سەدان ماڵی گەورەی تێدایە (هەر وڵاتێک ماڵێکە!)، هێندێک لە ماڵەکان زۆر خۆش و گەورە و مودێرنن و هێندێکیشیان لە کەلاوە دەچن و زۆربەشیان نۆرماڵن و بۆ ژیان دەبن. نزیکەی 100 ساڵێک لەمەو بەر لەم شارە گەورە چەند برای زۆر دەوڵەمەند و زۆردار، حاکم بون کە پێکەوە لە سەر بەش، شەڕیان بو[1] و دواتر هەمو ئاشت بونەوە. دوای ئاشت بونەوە بڕیاریاندا کە شارەکە لە بەینی خۆیاندا دابەش بکەن و بە سەر شارەکەشدا زاڵ بن و بە 3 زمانیش قسەیان دەکرد[2]، دویان بە ئینگلیسی و یەک بە فەڕانسەوی و یەک بە ڕوسی. لەم شارە ماڵێکی نە زۆر گەورە و نە بچوکی تێدایە کە سەدان ساڵ بو هەر یەک خاوەنی هەبو. خاوەنەکەی ژن و پیاوێکی[3] میوانخۆشەویست و دڵپاک و بە جەرگ و ئازا بون کە ناویان کورد و کوردە بو. 84 ساڵ لەمەوبەر کاتێک کە کورد و کوردە ماندو و هیلاک لە ڕاو دەگەڕێنەوە بۆ ماڵ[4] دەبینن کە ماڵەکەیان (کوردستان) بە پێنج کەس داگیر کراوە[5] کە بە چەک و چۆڵێکی زۆریش تەیار کراون و مرۆڤ لە دورەوە لێیان دەترسێت. کاتێک خاوەنماڵەکان واتە کورد و کوردە دەیانهەوێت بڕۆنەوە ناو ماڵەکەی خۆیان، داگیرکەرەکان بەریان پێ دەگرن و دەڵێن ئەم ماڵە ئێستا هی ئێمەیە! کورد و کوردە بێ خەبەر لە هەمو شتێک هاوار دەکەن و دەڵێن کە ئەمە ماڵی ئێمەیە و هەتا بوە هەر هی خۆمان بوە و لە کەسمان داگیر نەکردوە و کەسیش بۆی نیە داگیری بکات. لەم کاتەدا داگیرکەرەکان خێرا سەنەدێکی نوێییان نیشاندەدن کە برواری 1ی گەلاوێژی 2623 کوردی واتە 24.07.1923 زاینی پێوەیە و لە لۆزان ئیمزا کراوە و دەڵێن کە سەیری ئەم سەنەدە کەن، ئەم ماڵە حاکمی شار (چوار برا دەسەلاتدارەکەی شاری کورەی عەرز) داویانە بە ئێمە و ئێوەش لەمە زیاتر ڕامەوەستن لێرە، بەلام بۆتان هەیە کۆیلەیەتیمان بکەن، جا ناتان کوژین! دوای ئەوەی کە کورد و کوردە بەمە ڕازی نابن و دوای بەربەرەکانێیێکی زۆر بە هەرپێنجیان زۆر نامەردانە و نامرۆڤانە و وەحشیانە دارکارییێکی حیسابی کورد و کوردە، واتە کۆنە خاوەن ماڵەکان دەکەن!

---

[1] شەڕی یەکەمی جیهانی
[2] بریتانیا و ئەمریکا، فەڕانسا و شۆڕەوی کۆن
[3] ژن و پیاو وەک سومبولی کۆمەڵگا کە هەم ژنی تێدایە و هەم پیاوی تێدایە!
[4] لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە کورد ئاگای لە قەراردادی لۆزان نەبوە و بی پڕسی ئەو ئەم قەراردادە نوسراوە
[5] تورکیە و ئێران و عێڕاق و سوریە و ئەرمەنستان

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

مالّی کورد و کوردە ئەوە ئێستا دەچێ بۆ 84 ساڵ کە داگیرکراوە و هێشتا کورد و کوردە نەیانتوانیوە ببنەوە بە خاوەنی. دیارە کورد و کوردە لەم 84 ساڵەدا چەندەها ڕێگایان بۆ بونەوە بە خاوەنی ماڵەکەی خۆیان تاقی کردۆتەوە[6]، بەڵام هەمو جاریک داگیرکەرەکان زۆر نامرۆڤانە بەرپەڕچیان داونەتەوە و بە هەر پێنجیان لێیان داون و زۆر بە توندیش بریندارایان کردون و ڕاپۆڕتەکەیان بە دەسەڵات گەیاندۆتەوە و دەسەڵاتیش پشتیوانی لەوان کردوە! پاش ئەوەی کە کورد و کوردە چەندەها جار و بە شیوازی جۆربەجۆر هێرش دەکەنە سەر ماڵەکەیان و بە تەمان لە داگیرکەرانی بستێننەوە و بیگرنەوە دەستی خۆیان، بەڵام هەر ناکام دەمێنن و هەمو جارێک بە خراپترین شێوە سەرکوتی خوێناوی دەکرێن و دوایش بە ناحەق ناوی خراپی وەک تێرۆریست و مرۆڤ کوژ و سەربڕ و یاخی و گێرەشێوێنیان لێناون، بۆ ئەوەی کە کورد و کوردە تاوەکو ئەمڕۆش هەر لە ڕێگای سەخڵەت و نایاساییەوە و بە شەڕ و پێکدادان بە تەما بون خانوەکەیان وەربگرنەوە و دیارە چونکو دوژمنەکانیشیان زۆر بە هێزن، دەرەقەتیان نایەن و هەر کاتیان لە دەست دەچێت و هێز و وزەیان نامێنیت و لە ئاکامدا ماندو و هیلاک بون و پەنا دەبەنە بەر خەڵکی شارەکە ماڵەکەیان بۆ وەربگرنەوە، خەڵکیش یا فرمێسکیان بۆ دەرێژن یا پێیان پێ دەکەنن! بەڵام لە گەڵ ئەم هەمو بەڵگە یاسایەش کە کورد و کوردە بە دەستیانەوەیە بۆ سەلماندنی خاوەن ماڵیەتی خۆیان و دڕندەیی داگیرکەرەکانیان، بەڵام هەرگیز تا بە ئەمڕۆ نەچون وەکیلێک بگرن و لە ڕێگای قانونیەوە خۆیان بکەنەوە بە خاوەنی ماڵەکەیان، بەڵکو هەمو جارێک یا دەرگای ماڵەکە دەشکێنن و پێیان دەزانن و لێیان دەدن و ڕاویان دەنێن و دەرگاکە چاک دەکەنەوە، یا لە پەنجێرەوە دەچونە ژور و جامیان دەشکاند، کە دوبارە ڕاویان دەنان و بە خوێناویترین شێوە سەرکوتیان دەکردن و دەیکەن، یا لە سەر بان و دوکەل کێشەوە دەچونە ژور و هەم دیسان وەدەریان دەنانەوە، و یا دیواریان دەڕوخاند و پێیان دەزانین و دەریان دەکردنەوە و دیوارەکەیان هەڵ دەچنیەوە.

کورد و کوردە چون ماوەێکیشە بۆنەتە موسوڵمان هەمو جارێک ڕو لە خوا دەکەن و شکایەت دەبەنە لای ئەو و دەڵێن بابە ماڵی خۆمانە و زۆردار لێیان داگیر کردوین و ناهێڵن بڕۆینەوە تێیدا بژین و بۆیە ئێمە ناچارین هەمو جارێک لەگەڵیان بە شەڕ بێین، بەڵام خواش پێیان دەڵێ لە ئێوە حەرەکەت و لە من بەرەکەت و من هەر ئەوەندەم لە دەست دێت بۆتانی بکەم، بۆخۆتان بیر وەکەن بزانن چی بکەن باشە!

کاتێک شکایەتیش دەبەنە بەر یەکێک لە دەسەڵاتدارانی شارەکە[7] لە وڵامدا پێیان دەڵێن، کە ئەم ماڵە ئێستا بە هۆی قەراری لۆزان هی ئێوە نیە و 84 ساڵ لەمە پێش دراوە بەو پێنج لایەنە، سەنەدەکەی لە لۆزان ئیمزا کراوە و تا ئەو سەنەدەش هەبێت ئیوەش بۆتان نیە داوای بکەنەوە!!

ئەوانەی un دەڵێن کە ئێمەش لە گەڵ ئەوەشدا کە ئاگامان لە زوڵم و زۆری داگیرکەرانی خانوەکەیە بەڵام بۆمان نیە باسی بکەین، چونکو بە پێی سەندی لۆزان ئێستا ئەم خانوە 5 خاوەنی دیکەی هەیە و کلیلەکەی لە بەر دەستدا نیە و وا بە ئاسانیش دەست ئێوە ناکەوێت، مەگەر حەول و تەقەلای باشی لە ڕێگای یاسایی و دروستەوە و یەکگرتوانە و کۆنکرێت بۆ بکەن!!!

---

[6] مەبەست شۆڕشە ڕەوا یەک لە دوا یەکەکانی گەلی کوردستانە لە هەمو پارچەکان

[7] نمونەی وڵامی نەتەوە یەکگرتوەکانی ژنێف لە 24.07.2007 کە بەو هەیئەتەیان وتبو کە بۆ وتووێژ چوبونە ژورەوە!

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

بەڵێ ک و ر د  هەرگیز باوەڕی بە سەنەد و قەرارداد نەبوە و نیە، بەڵکو حەزی کردوە کە لە ڕێگای شۆڕش، هێزی بازو و چەک و چەکداری، خوێن و خوێنڕشتن و قارەمانەتی نواندن و لە ئاخریشدا مەزڵوم نوێنی و پەنابردن بۆ خەڵکی جیهان بۆ ئەوەی کە کارەساتەکانمان بناسن، زاڵمەکان نفرەتکەن و پەنا بۆ خەڵکی جیهان و دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێونەتەوەیەکان بردن بۆ ئەوەی کە ڕزگارمان کەن!

بەڵام ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەمەیە کە شۆڕشی ک و ر د  تا بە ئەمڕۆش هەرگیز تێ نەکۆشاوە کە لە ڕێگای یاسایی و قانونیەوە پەیمانە شومەکەی لۆزان هەڵوەشێنێتەوە، بۆیە من لەم ڕووە ڕادەگەیێنم کە شۆڕشی نوێی کوردستان دەبێت ڕەنگ و بۆنی یاسایی و قانونی لێ بێت و سەرتاسەریش بێت و تاک تاکی گەلی ک و ر د  چ بە تاک و چ بە کۆمەڵ و چ بە حیزب و ڕێکخراوە دەبێت قورسایی خۆیانی بخەنە سەر و بۆ ئەمە تێبکۆشن، بۆ دروست کردنی کیانێکی سەرداپۆشراو و سەربەستی کورد، هەر کوردێک خشتێکی هەیە و هەمو کوردێک دەبێت خشتەکەی خۆی دابنێت بۆ ئەوەی کە دیواری سەربەرزی کیانەکەمان هەڵچنین و ئەمڕۆکە تۆی تاکی کوردیش سەربەست لەوەی کە سەر بە کام حیزبی یا نیت، کام ئایینت هەیە یا نیتە، کام ڕێباز و ئایدۆلۆژیت پێ بە نرخە یا نیتە، کام زاراوەی و کام کولتور و کام جل و بەرگ لە بەر دەکەیت، هەموتان دەبێت قورسایی خۆتان بخەنە سەر ئەم ڕێگا پڕ لە شانازیە!

کێ دەیهەوێت شانازی ئەوەی پی ببخشرێت کە ناوی لە ڕیزی پێشەوەی ئەم جوڵانەوەدا بێت، هەرچی زوتر خۆی ساخ بکاتەوە و بەڵێنی ئەخلاقی بدات بە خۆی و بەم جوڵانەوە و بۆی تێبکۆشێت، سبەی ڕۆژ ناوی دەچێتە ناو ڕیزی قارەمانانی نەتەوایەتی.

لەم ڕێگایەدا هیچکەس بۆ کورسی دەسەڵات تێناکۆشێت و مەبەست کورسی دەسەڵات نیە، کورسی دەسەڵات بۆ ئەوانەی حەزیان لە دەسەڵاتە! ئێمە پێشمەرگەی قانونی و بێ تفنگەین، چەکمان ئەقڵیەت و کاری ئەقڵانی و یاسایی و سیاسی و کولتوری و زمانی و تەنانەت ئابوریە بۆ ئەم مەبەستە!

## ئەو کارە ئەقڵانیانەی کە لە ڕیزی تێکۆشانی ئەقڵدا جێگایان دەبێتەوە ئەمانەن:

- تەنیا و تەنیا داوای سەربەخۆیی بۆ  ک و ر د س ت ا ن  دەکەین.
- تەنیا ئاڵای ک و ر د س ت ا ن هەڵ دەکەین.
- حەولدان بۆ کردنی  ک و ر د س ت ا ن ی  ئەمڕۆ بە کوردستانی یەکگرتوی سبەینێ، واتە حەولی یەکگرتویی و یەکپارچەیی کوردستان!
- گرتنە بەری هەمو ڕێگایێکی یاسایی و جەماوەری بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەرارداده شومەکەی لۆزان.
- شوێن گرتنی هەمو ڕێگا یاسایی و قانونیە مومکینەکان کە دەتوانن یاریدەر بن بۆ ناساندنی کێشەکەمان!
- وەرگرتنی یارمەتی لە هەمو کەس و ڕێکخراو و دەوڵەتێک، بێجگە لە داگیرکەرانی کوردستان، بە شەرتی هەڵنەواسران و بە شەرتی نەدانەوەی پاداش.
- گرتنی وەکیل یا شۆڕای وەکیلانی پسپۆڕی کار و باری نێودەوڵەتی

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

- دژایەتی نەکردنی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی کوردی ئا لەم کات و ساتە ناسکەدا، بە پێچەوانە داوای یارمەتی ئینسانی، لۆجستیکی و ماڵی لەوان بە شەرتی سەربەخۆ مانەوەمان، بۆ بردنە پێشەوەی کار و ئەرکەکانمان.
- ناساندنی سەرچاوەی هەمو یارمەتیە گەیشتوەکان. مەگەر ئەوەی کە لایەنێک بیهەوێت بە هۆی ڕەچاو کردنی دیپلۆماسی و دۆستایەتی خۆی لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستان! ناوی شاراوە بمێنێت، لەم حاڵەتەدا کۆدێک یا ناوێکی نهێنی بۆ ئەویش دادەنرێت و ڕادەگەینرێت!
- هیچ یارمەتییێک بە نا یاسایی وەرناگیرێت، هەرچی هەبێت لە ڕێگای بانکەوە دەکرێت.
- نەکردنی کاری خۆ فرۆشیانە و کوردستان فرۆشیانە!
- هەمو چالاکی و دانیشتن و کۆبونەوەکان ڕاپۆرتیان لە سەر دەردەکرێت و بە ڕای گشتی کوردستان و جیهان ڕادەگەیێندرێن.

## بون بە ئەندام:

- هەمو کوردێک بۆی هەیە و دەبێ ببێت بە ئەندام، بەو شەرتەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خزمەتی بە داگیرکەرانی کوردستان نەکردبێت! (وەزیفەی سەربازی بەو شەرتەی کە خیانەتی بە کورد تێدا نەبوبێت، خزمەت بە داگیر کەر حیساب ناکرێت)!
- جاش و کۆنە جاش بە خائێن دەناسرێن و بە ئەندامەتی وەرناگیرێن!
- ئەندامەتی بە پێی بەڵێنی ئەخلاقی و بێ منەت و سەربەخۆ بدات!
- حەول و کۆشش و تەلاش بکات بۆ بردنە پێشەوەی ئەو ئەرکەی کە خۆی دەیگرێتە ئەستۆ!
- هیچ وەزیفەیێک لە سەر شانی کەس داناندرێت، مەگەر ئەوەی کە کەسێک خۆی بڵێ من لە ڕوی ئەخلاقیەوە بەڵێن بە خۆم دەدەم کە فلان کارە دەکەم و توانای کردنی کارەکەی هەبێت.
- هەمو ئەندامێک بۆی هەیە هەر کات بیهەوێت ئەندام نەمێنێت، بەو شەرتەی کە پێشتر حیسابی لە گەڵ ئەنجومەن پاک کردبێتەوە.
- هێرش و پرۆپاگەندەی حیزبی لە ناو ڕیزەکانی ئەنجومەندا نابێت بکرێت!
- هێرش و توند و تیژی بۆ سەر هیچ حیزب و سەرۆکێ حیزبەکان نابێت بکرێت و مەجالی پی نادرێت!
- هەمو ئەو حیزبانەی لە کوردستان چالاکن بە خەباتگێڕ دەناسین، هەر بەم مەرجەش چالاکی نا شۆڕشگێڕانەیان لێ قەبوڵ ناکەین!

## چالاکیەکان:

- چالاکیەکان بێجگە لە ناوەوەی کوردستان، لە دەرەوەی وڵات بە بێ هیچ عوزر و بەهانەیێک بە شێوەی یاسایی و قانونی دەڕۆنە پێشەوە.

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

- هەمو ئەندامێک بۆی هەیە خۆی ئیبتیکاری عەمەل نیشان بدات و بۆ بردنە پێشی ئەم پڕۆژە بەرنامە دابرێژێت و دوایی ناساندنی پڕۆژەکەی بە شێوەی نوسین بە ئەنجومەن، ئیمکانات و هێزی ئینسانی و هەزینەی ماڵی لە ئەنجومەن یا لە ڕێگای تروەوە بۆ وەربگرێت و دەست بە کار بێت.
- هەرکەس تواناى نوسین و شیعر و شانۆ و فیلم و سوخەنڕانی و گۆرانی و سرود و وێنەکێشانەوە و خەت خۆشی و هیتری هەیە، با بە هونەرەکەیان خزمەتی خۆبەخشانە و بێ پاداش بکەن، با چالاکیەکانیان بەس لە خزمەت یەکگرتنەوەدا بێت و نەک لێک دورکەوتنەوەی زیاتر!
- 

## ڕێگا یاسایی و قانونیەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەراری لۆزان

بە پێی یاسای نێودەوڵەتی هەمو قەرارێک و هەمو پەیمانێک، بە چەند شەرت دەتوانرێت هەڵبوەشێندرێت:

1. هەرکاتێک تەرەفێکی قەراردادێک مەجبور و وادار بکرێت بە بەستنی قەرارێک، لە دواییدا ئەو لایەنەی کە بە زۆر قەراردادێکی پێ ئیمزا کراوە، دەتوانێت لە قەراردادەکەی خۆی پاشگەست بێتەوە و هەڵیوەشێنێتەوە، بەو شەرتەی کە بتوانێت بە بەڵگە و شایەد بیسەلمێنێت کە ئەو بە زۆر وادار بە ئیمزای ئەو قەرارداده کراوە. کە دیارە هەمو جیهان شایەدی بۆ کورد لەم بارەوە دەدەن. لە زمانی ئاڵمانیدا بەم بەندە یاسایە دەڵێن Noetigung!
2. هەرکاتێک لە کاتی بەستنی قەراردادێکدا لایەنێکی قەراردادەکە بە درۆ و دەلەسە کڵاو بکاتە سەر لایەنەکەی تر و قەول و وەعدە و وەعید بدات و دوایش جێبەجێی نەکات، ئەو قەرارداده دەتوانرێت هەڵبوەشێندرێتەوە. هەمو جیهان شایەدن کە تورکەکان و ئێرانیەکانیش لە کاتی قەراری لۆزاندا وەعدیاندا کە کورد وەک نەتەوەیێک ڕێز و حورمەتی لێ بگیردرێت و زمان و کولتور و ئاداب و رسوماتی مەحفوز بمێنێت، بەڵام تورک هەر ساڵێک پاش ئەم بەڵێنانە دەستی کرد بە سەرکوتی خوێناوی گەلی کوردی بندەستی خۆی و زمان و فەرهەنگ و هەمو شتێکی لێ قەدەغە کردن و ڕەزاشای ئێرانیش هەر ڕێک ئەم کارانەی دژی کوردی بندەستی خۆی بەڕێوە بردن و تا بە ئەمڕۆش هەر درێژەیان هەیە و لە عێراقیش کە هەمو دەزانن چۆن ئەم گەلە ئەنفال و جێنۆساید و شیمیایی کران! وەزعی کوردانی بندەستی سوریە و کوردستانی سوریش کە هەمو دەزانن چونە. ئەم بەندە لە یاسادا بە ئاڵمانی ناوی Irrefuehrend!
3. هەر کاتێک لایەنێک لە دولایەنی قەراردادێک و یا هەردوکیان، دوای بەستنی قەرارەکەیان بە هۆی ئەو قەرارەوە توشی ناهومیدی و دڵساردی و یەئس و ئەمانە بن، لایەنیک بۆی هەیە داوای هەڵوەشاندنەوەی قەراردادەکە بکات. هەمو کەس دەزانێت کە ئەمڕۆ گەلی کوردستان بە هۆی ئەم قەرار و دابەش کرانەوە توشی دڵساردی، ناهومیدی، لێکدابڕان و هەزار و یەک کێشە بون و هەر بەم هۆیانەش کورد دەبێت داوای هەڵوەشاندنەوەی قەراری لۆزان بکاتن و هەمو جیهانیش شایەدی بۆ کورد

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

دەدەن و پشتیوانی لێدەکەن و لەم بارەشەوە بەڵگەی سەلمێنراومان کەم نین، بەڵکو لە زیاد زیادترن.
ئەم بەندە یاساییەش لە زمانی ئاڵمانیدا پێی دەڵێن Enttaeuschung!

4. بێجگە لەم خاڵانە و زۆر خاڵی یاسایی و نێودەوڵەتی تریش، کورد دەتوانێت بە میلیون بەڵگەی سەلمێندراو، لە نوێ ترینیان کە حوکمی ئێعدامی لاوانی ڕۆژنامە نوسی غەیرە سیاسی کورد لە ئێرانە و هەتا کۆنترینیان کە بە درێژایی 84 ساڵ سەرکوتی خوێناوی خەڵکی ئازادیخواز و ئاشتیخوازی کوردستانە لە ژنێف بخاتە بەر دەستی نەتەوە یەکگرتوەکان و بە تایبەت بەشی پارێزەرانی گەلانی بندەستە و هەمو گەلی کورد لەم ڕێگایەوە، واتە لە ڕێگای ئەنجومەنی ئەقڵ بیانخاتە بەر دەستیان و داواکاریەکانی گەلی کوردستان بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی لۆزان و دروست کردنی کیانێکی کوردستانی سەربەخۆ و ئازاد و دیمۆکرات بێنینە دی!

## گرتنی وەکیل یاخۆ شۆڕای وکلا

ئەنجومەنی ئەقڵ دەبێت کارەکانی لە ڕێگای یاسایی و قانونیەوە بەرێتە پێشەوە و بۆ ئەم کارەشی پێویستی بە وەکیل یا وکەلای تایبەت و پسپۆڕ و شارەزا بە کار و باری نێودەوڵەتی هەیە و بۆ گرتن و پەیدا کردنی ئەم وەکیلانەش ئەقڵ پێویستی بە پشتیوانییەکی ماڵی گەورە و بەرفراوان هەیە کە بتوانێت ئەم کارەی بە سەرکەوتوانە بەرێتە پێشەوە، هەر بۆیە ئەقڵ داوا لە هەمو تاکیکی کورد، لە هەمو منداڵ و لاوێکی کورد بۆ جیرەی گیرفانیان، لە هەمو دەسمایەدارێکی کورد و تەنانەت لە هەمو ڕێکخراوێک چ ناوخۆیی و کوردی و چ غەیرە کوردی و هەمو دۆستێکی کورد و هەمو دەوڵەتێک بێجگە لە داگیرکەرانی کوردستان دەکات، کە بە بێ چاوەڕوانی پاداشتێک و خۆبەخشانە، بە یارمەتی ئەم ئەرکەوە هەستن و لەم ڕێگایەدا یارمەتی ئەقڵ بدەن.
ئەقڵ کاری گەورەی لە پێشە و کارەکان بە بی پشتیوانی ماڵی تەقریبەن فەلەج دەبن، بۆیە هەمو یارمەتییێک لە یەک یۆرۆوە تا سەدان هەزار یۆرۆ بە نرخن بۆ ئەقڵ و لە خزمەت بە سەرکەوتن گەیاندنی ئەم شۆڕشە نوێ مودێرنەدا دەبێت و هەمو کەس لە گەیشتنی یارمەتیەکان و سەرچاوەکانی و چۆنیەتی خەرج کردنیان ئاگادار دەکرێنەوە!

## بۆ ئەنجومەنی هەڵوەشاندنەوەی قەراری لۆزان، "ئەقڵ" لە 1ی ئاگوستدا ڕادەگەیندرێت؟

هزری ئەقڵ ماوەیکە کە لە میشکی مندا دێت و دەچێت و لە دایک بوە، بەڵام من 1ی ئاگوست واتە 10ی گلاوێژم بۆ ڕاگەیاندنی ئەقڵ دیاری کردوە بۆ ئەوەی کە یەکی ئاگوست ڕۆژی نەتەوایەتی و ڕۆژی سەربەخۆیی وڵاتی سویسە! لە بەر ئەوەی کە وەڵاتی کوردان بە پێی قەرارێک کە لە شاری لۆزانی سویس ئیمزا کراوە و هەم لەمەڕ ئەوەی کە کلیلی سەربەخۆیی کوردستانیش لە ژنێڤە کە ئەم شارەش هەر لە وڵاتی سویسدایە، بۆیە بە باشم زانی لەم ڕۆژەدا ئەقڵ ڕابگەیێندرێت و بە سیاسەتمەداران و خەڵکی سویسیش بکوترێت کە، هەر وەک مافی سەربەخۆیی و سەربەستی و نەتەوایەتی بۆخۆتان قایلن، پشتیوانی لە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانە

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

شومەکەی لۆزانیش بکەن و ئەم مافەش بۆ گەلێکی 40 میلیونی قایل بن کە ئەوانیش واتە کوردەکانیش وەک ئێوە و هەمو نەتەوەیکی تر سەربەخۆ بن و حکومەتێکی فیدراڵ و یەکگرتوی نەتەوایەتیان هەبێت! بۆیە ئەم ڕۆژە دەتوانێت ڕای گشتی سویسیەکان و سیاسەتمەدارە سویسیەکانیش بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، هیوادارم!

## بنەماکانی ئەنجومەنی هەڵوەشاندنەوەی قەراری لۆزان، ئەقڵ، ئەمانەن:

### مافی مرۆڤ

ئەقڵ باوەڕی قوڵی بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و هەمو بەندەکانی پەیمانی 217ی ئەلف 3 کە لە بڕواری 10.12.1948 ئیمزا کراوە هەیە و پەیڕەوی و پشتیوانیشی لێدەکات و بۆ گرتنە پێشی کار و ئەرکەکانی خۆی کەڵک لەو بنەمایانە وەردرگرێت.

### ئازادی

ئەقڵ باوەڕی بە ئازادی تاکە کەس و ئازادی ڕادەربڕین و هەمو ئازادیە مومکینەکان کە لە یاسا و ڕیسا ئینسانیەکان لای نەدابێت هەیە و پەیڕەوی و پشتیوانیشی لێ دەکات.

### دیمۆکڕاسی

ئەقڵ باوەڕی بە دیمۆکڕاسی ڕاستەوخۆ هەیە و دەبێت هەمو یاسا و ڕیسا و بەندێکی حکومەتی داهاتو و هەروەها کار و باری ناوخۆیی ئەقل لە ڕێگای دیمۆکڕاسیەوە جێ بە جێ بکرێت و پێی وایە کە دێمۆکڕاسی وەک کەلەی قەند یا شێکلی هێرەم لە پاناییەوە بۆ نوک دەست پێ دەکات و هەمو شتێک لە پێشدا خەڵک دەیبڕێننەوە و دەنگی پێدەدەن و ئەوجار دەگاتە ئیجرا کردن و نەک بە پێچەوانە.

### مافی ژنان و پیاوان و لاوان و منداڵان

ئەقڵ مافی هیچ ژن و پیاو و لاو و منداڵێک نادات! بۆ ئەوەی کە ئەقڵ پابەندە بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و چونکە چاو لە هەمو ئینسانێک وەک مرۆڤ دەکات و لە ڕوی جنسیەتیەوە هیچ مرۆڤێک دەستەبەندی ناکات، هەر بەم هۆیەش بە لازمی خۆی نازانێت و پێویستیش ناکات کە مافی کەس بدات یا لێی زەوت بکات، واتە مرۆڤەکان بۆخۆیان خاوەنی ئەم مافانەن و ئەقڵ ئەم ئوتوریتە بۆ خۆی قایل نابێت کە مافی کەس بدات یا لێی بستێنێتەوە، بەڵکو هەمو کەس چ ژن چ پیاو و چ لاو و چ منداڵ وەک یەک مرۆڤ دەبینێت و لە باری

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

حقوقی و یاسایەوە بە مرۆڤی ئازاد و بەرابەر و مافداریان دادەنێت و لە کار و چالاکی و ئەرکەکانیشدا چاو لە جنسیەت ناکات، بەڵکو چاو لە توانایەکانیان بۆ بردنە پێشەوەی مەبەستە دیاری کراوەکانی خۆی دەکات و هیچ شتێکیتر بە لازم نازانێت.

## کورسی دەسەڵات

ئەقڵ هەرگیز بۆ گرتنە دەستی کورسی دەسەڵات لە دوارۆژدا حەول نادات، بەڵکو ئەرکێک و ئارەزوێک و هەدەفێکی بۆ خۆی دیاری کردوە و ئەویش هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی لۆزان و سەربەخۆیی کوردستان و هەڵکردنی ئالای سەربەخۆیی لە حەوشەی نەتەوە یەکگرتوەکانە، وەک هەمو وڵاتێکی سەربەخۆی ئەم جیهانە و لە دوا رۆژی سەربەخۆیی، ئەقڵ خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە و کەسایەتیە چالاکەکان هەرکەسەی یا لەگەڵ رێکخراوی خۆی، یا بە جیا ئەگەر سیاسەتیان کرد دەتوانن سیاسەت درێژە پێ بدەن یاخۆ نەیدەن، ئەوە ئیتر مافی خۆیانە و کەس بۆی نیە ئەم مافەیان لێ زەوت بکات و هەر کەس شوێن ژیانی ئازاد و سەربەستی خۆی لە دوارۆژی سەربەستیدا دەکەوێت و دەکرێت بە پێی لیاقەتی خۆی رێز لە رابردوی بگیردرێت!
کورسی دەسەڵات دەمێنێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان بۆ ئەم مەبەستانە دەپاڵێون و خەڵکیش هەڵیان دەبژێرن و شانازی ئەوەیان پێدەبەخشن کە خزمەت بکەن بە گەلەکەیان و ئەوانیش لە دوارۆژی هەڵبژاردن، حەول بدەن کە ئەو ئازادی و سەربەخۆییەی کە دوای ئەو هەمو خەباتە رەوایە بە دەست هاتوە بە دڵ و بە گیان بپارێزن و بۆ سەربەرز راگرتنی گەلەکەیان و وڵاتەکەیان تێبکۆشن.

## رۆژی سەربەخۆیی و نەتەوایەتی کورد و رۆژی شەهیدان چ رۆژێک بێت؟

ئەقڵ پێی وایە کە ئەو رۆژەی کە پەیمانی لۆزان هەڵدەوەشێتەوە و بریارێکی بە پێز بۆ چارەنوسی گەلی کورد دەدرێت و پەیمانێکی نوێ و هاوکات پەیمانی ئازادی و سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان ئیمزا دەکرێت، رێک ئەو رۆژە بە رۆژی نەتەوایەتی و سەربەخۆیی کوردستان رابگەیێندرێت و هەر لەم رۆژەشدا وەک رۆژی رێزگرتن لە شەهیدان دەستە گوڵ و تاجە گوڵینە بخەینە سەر گلکۆی شەهیدەکانمان و رۆژی شەهیدانیش هەر ئەم رۆژە بێت، بۆ ئەوەی کە ئەم رۆژە دەسکەوتی خوێنی ئەوانە. ئەمە ئەو قازانجەشی هەیە بۆ گەلی کوردستان کە لە داهاتوشدا توشی ئەم کێشە و هەڵانە نەبینەوە و هەرکاس رۆژێک پێشنیار نەکات، چونکو کورد لە سەر رابردوی خۆی ساخ بونەوەی هێندێک زەحمەتە و سبەی رۆژ هەرکەس رۆژێک پێشنیار دەکات و دوبارە شەق دەبینەوە و دەست دەدەینەوە چەک دژی یەک!!!

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

## بۆنه پیرۆزەکانی تر کە ئەڤڵ ڕێزیان لێ دەگرێت کامانەن؟

بێجگە لە ڕۆژی سەربەخۆیی و شەهیدانی کوردستان کە ڕۆژی نەتەوەیی دەبێت، هەمو ڕۆژێک کە بۆنی یەکگرتوییان لێ بێت و مرۆڤەکان لێک جیا نەکاتەوە، وەکو ڕۆژی یەکی ئەیار ڕۆژی هاوپشتی چینی کرێکار و زەحمەتکێش، ڕۆژی موعەلیم، ڕۆژی ئەشق یا ڤالێنتین و هیتر ڕێزیان لێ دەگیرێت و بۆ ئەوەی کە ئەم ڕۆژانە هەمو مرۆڤێک بە بێ لە بەر چاو گرتنی جنسیەت و ڕەگەز و ڕەنگی پێست و هیتر لە خۆ دەگرن، هەر بۆیە لای ئەڤلێش ڕێزیان لێ دەگیرێت و ڕۆژێکی پیرۆزن.
ڕۆژی هەشتی مارس واتە ڕۆژی ژن و یا ڕۆژی پیاو و هەمو ئەو ڕۆژانەی کە لە خزمەت دوبەرەکیدان، لای ئەڤڵ پیروز نین، بۆ ئەوەی کە ئەم ڕۆژانە لە خزمەت دەستەبەندی کردنی مرۆڤ لە ڕوی جنسیەتیەوەن و خۆ بە خۆ ڕەسمیەت دەدەن بەم دەستەواژە دروستکردنانە. هەر بۆیە ئەڤڵ چاو لە مرۆڤایەتی ئینسانەکان دەکات، نەک جنسیەتیان و ئەمانە بە دژی یەکگرتویی و دژی، مرۆڤایەتی مرۆڤەکان دەزانێت.
ڕۆژە ئاینیەکان بۆ ڕێڕەوانی ئاینەکان پیرۆزن و هەر کەس بۆی هەیە خۆی ڕێز لە ئایینی خۆی بگرێت و کەس ناتوانێت ئەم ڕۆژانەیان لێ قەدەغە بکاتن، بەڵام ئەڤڵ لە گەڵ ڕێز لێگرتنیان، هیچکامیان بە جێژنی نەتەوەیی و ڕەسمی ناناسێت!

## ماڵپەڕی ئەڤڵ

ئینتێرنێت و ماڵپەڕ شتێک نیە کە ئەمڕۆکە مرۆڤ بتوانێت چاوپۆشی لێ بکات و ئەم دیاردە تێکنۆلۆژیە نوێیە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ پێشکەوتن بە خۆیەوە دەبینێت و ئەڤلێش بۆ ناساندنی خۆی و کێشەی کورد و ڕاپۆڕتی چالاکیەکانی و زۆر ئەرکی تریش پێویستی بە ماڵپەڕێکی بە پێز و جوان و لە عەینی حاڵدا بە زمانێکی سادە و ڕەوان و ساکار بۆ ئەوەی هەمو کەس لە زمانی تێبگات و بە هەمو زاراوەکانی کوردی و هەروەها زمانی داگیرکەرانی کوردستان و زمانە زیندوە سەرەکیەکانی جیهان هەیە، هەر بۆیە هەر کەسێک شارەزایی لە ماڵپەڕ دروست کردندا هەیە و دەتوانێت بەم ناو نیشانانەی سەرەوە ماڵپەڕێک بۆ ئەڤڵ تەڕراحی بکات، با دەست بەکار بێت و پێشتر هەماهەنگی لە گەڵ ئەڤڵ بکات و بە بێ هەماهەنگی هیچ کارێک ناچێتە بەرەوە.

## مۆر یا خۆ ئارم و لۆگۆی ئەڤڵ

نە مۆر، نە ئارم و نە لۆگۆی ئەڤڵ هێشتا تەڕراحی نەکراوە و بیرێکی ئەوتۆی لێ نەکراوەتەوە، هەر بۆیە هەر کەس یا کەسانێک ئەم کارە بکەن و بۆ ئەڤڵی بنێرن، ئەوا پڕ ماناترین و باشترینیان هەڵدەبژێڕدرێت و دەکرێت بە لۆگۆ یا ئارمی ئەڤڵ. بۆ ئەم مەبەستەش داواکاری لە شارەزایانی ئەم بوارە دەکەین کە هەر

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

ئەمڕۆکە بە لە بەر چاو گرتنی سیاسەتی ئەفلّ، دەست بە کار بن و ئەم ئەرکەش با جێبەجێ بکرێت و لە دوا ڕۆژدا لە هەمو بەڵگە ڕەسمیەکانی ئەفلّ و هەروەها ماڵپەری ئەفلّ لەم لۆگۆ پەسەند کراوە کەڵک وەردەگیرێت.

### ڕێنوس و ڕێزمان

وەک باسم کرد ئەفلّ پێویستی بە هەمو پسپۆڕان و شارەزایانی ڕێزمانەکان و هەمو زاراوەکان و زمانەکانی دەوڵەتانی داگیرکەر و هەروەها زمانە زیندوە سەرەکیەکانی جیهان هەیە بۆ بردنە پێشەوەی ئەرک و کارەکانی. هەر بۆیە داوا لە هەمو کوردێک دەکەم کە بۆ مەبەستە دیاریکراوەکان خۆی بە ئەفلّ بناسێنێت و هاوکاری خۆبەخشانە و ئەگەر ئەفلّ باری ئابوری باش بێت بە پولّ بیکات و خزمەتێکیش بە نەتەوەکەی بۆ سەربەخۆیی و ئازادی بکات.

### وەرگێڕان

وەرگێڕانیش هەر دەچێتە خانەی ئەو ئەرکانەوە و زۆر لازم و زەرورین و ئەفلّ بۆ بردنە پێشەوەی کار و ئەرکەکانی خۆی پێویستی بە هەمو ڕێزمانەکانی کە لە سەرەوە ناوم بردن، هەم بۆ ماڵپەڕ و هەم بۆ چالاکی و هەم بۆ ناو نەتەوە یەکگرتوەکان هەیە، بۆیە تکایە سارەزایان خۆیان بۆ بردنە پێشی ئەم ڕیبازە بناسێنن.

دیارە ئەم بنەمایانە هێشتا تەواو نین و دەبێت بە پشتیوانی لێزانانی کورد لەم بوارانەدا، تەکمیل بکرێن یا ئاڵ و گۆڕیان بە سەردا بێن، بەڵام بۆ ئاڵ و گۆڕ دەبێت بنەما مرۆڤایەتیەکان بپارێزرێن و عەقڵانیتر بکرێن!

## یەکەمین چالاکی

یەکەمین چالاکی کە ڕێپێوانێکی 350 کیلۆمەتریە و یەک حەوتو دەخایێنێت لە پرۆگرامدایە و لە شاری زوریخی سویسەوە بۆ شاری لۆزان بەر هوتێل شاتۆ و لەوێشەوە بۆ شاری ژنێڤ بەر دەرگای نەتەوە یەکگرتوەکان دەبێت. ئەم ڕێپێوانە کە هێشتا بیرۆکەکەی لەدایک بوە و بەڵام جارێ هیچ کاری بۆ نەکراوە، قەرارە دوای حەوتوێک ڕێپێوان لە ئاکامدا لە ڕۆژی 2ی ئۆکتۆبر، ڕۆژی ئاشتی و ڕۆژی لە دایک بونی مهاتما گاندی، کە ئەمساڵ لە 15.06.2007 لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە لە نیویورک ئەم ڕۆژە ناوی ئاشتی لێ نراوە، کۆتایی پێ بێت. لەوێ لە ژنێڤ کۆنسێرتێکی گەورەی کوردی بە بەشداری هەمو هونەرمەندە کوردەکان، ئەوانەی خۆ بەخشانە بۆ کوردستان بەشداری دەکەن، ئۆرگانیزە بکرێت و بە هەماهەنگی لە گەڵ UNی ژنێف و بەشی نەتەوە بندەستەکان، دوای گەیشتنی ڕێپێوانان و پێشوازیێکی گەرم و گور لێیان، ئاڵای کوردستان لە لایەن ڕێپێوەرەکانەوە بدرێتە دەست مەسئولی مەربوتە و داوای لیبکرێت کە بۆ ماوەیێک، هەر چەند کورتیش بێت، ئەم ئاڵایە وەک سومبول لە ناو هەمو ئاڵا شەکاوە سەربەخۆکانی هەمو وڵاتەکان کە لە حەوشەی نەتەوە

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

**یەکگرتوەکاندا دەشەکێنەوە، ئاڵای کوردیش بشەکێتەوە، کاتەکەی چەند بێت گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە کە بە یەکگرتوییمان ئەم داوایە بچەسپێنین!**

**چەند و چۆنی زیاتری ئەم چالاکیە، دواتر لە ڕاگەیاندنیکی تێر و تەسەلدا بە ڕای گشتی خەڵکی کوردستان و جیهان ڕادەگەیێندرێت و دوای ئەم چالاکیەش ئەڤڵ <u>یەکەمین کۆبونەوەی گشتی خۆی</u> کە هیوادارم و دەبێت لانیکەم چەندین هەزار کورد تێیدا بەشدار بن، لە وڵاتێکی ئوروپایی یا لە کوردستان دەبەستێت!**

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

# ئەنجومەنی هەڵوەشاندنەوەی قەراری لۆزان (ئەقڵ)

## فۆرمی داوای ئەندامەتی

| | |
|---|---|
| ژمارە : | بروار : |

### ناسنامەی ئەندام

| | |
|---|---|
| ناو و ناوی نهێنی: | ناوی فامیلی یا لەقەب : |
| کات و شوێنی لە دایک بون : | شوێنی نیشتەجێ بون : |
| شوغل و کار و حیرفە: | ناونیشان : |
| تەلەفونی ماڵ :<br>تەلەفونی دەستی : | ئیمایل : |
| تیبینی: | |

من بە پڕ کردنەوە و ئیمزای ئەم بەڵگەی ئەندامەتیە. هەم ئەندامەتی خۆم ڕادەگەینم و هەم بەڵینی ئەخلاقی دەدەم بە ئەقڵ کە بنەماکانی ئەقڵ بپاریزم و لە بەرەو پێش بردنی ئەو ئەرک یا ئەرکانەی کە بۆخۆم وەئەستۆیان دەگرم، لەو پەڕی دڵسۆزی و ڕێک و پێکی بۆ بەرەو پێش بردنیان حەول بدەم و بەڵێنیش دەدەم کە کاری زیادەش ناگرمە ئەستۆی خۆم!

### ئیمزای ئەندام

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

بۆ پەیوەندی و مالوماتی زیاتر و ئەندامەتی و ڕاو و بۆچون، تکایە بەم ناو و نیشانە مووەقەتانەوە پەیوەندی بگرن:

astihelia@yahoo.de
rahmayub@yahoo.de
postmaster@kungfutoa.ch

ناونیشانێکی پۆستی مووەقەت

Ayub Rahmani
Postfach
8037 Zuerich
Switzerland

## بڕواننە ئاسۆ، ئاسۆی کورد ڕونە!

1ی ئاگوستی 2007
10ی گەلاوێژی 2707

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com